Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی دەبیرخانەی کومەڵە:

# جارێکی تر رژیم لە مەهاباد جینایەتی خوڵقاند

رۆژی شەممە رێکەوتی ١٨ی پووشپەڕ, هێزەکانی رژیم لە گەڕەکی پشت تەپ چەند لاوێك دەدەنە بەردەسڕێژ و دووکەسیان لێ بریندار دەکەن و یەکێکیان دەکوژرێ، ناوی کوژراوەکە کەماڵ ئەسفرین بوو کە بە شوانە دەناسرا و کوڕی سەید قادرە و تەمەنی ٣٠ساڵ بوو. تەرمی ئەم لاوە شەهیدە شەوی رۆژی دواتر، واتە دوێنی بە شپرزەیی تەحویلی بنەماڵەکەی دەدەنەوە. ئەم کردەوە خەڵکی گەڕەکە فەقیر نشینەکانی پشت تەپ،باغی شایگان و مەیدانی ئیستقلال تووڕە دەکات و بە هەزاران کەس دەرژێنە کوچەوکۆڵان و تەرمی کاك کەماڵ دەبەنە گۆڕستان و دەی نێژن و بەنیشانەی حورمەت لێنان چەند کەس بە سەروچاوی داپۆشراو بە چەکی سووك چەند تەقیەك دەکەن و خەڵکەکە دژ بە کۆماری ئیسلامی دروشم دەدەن.

ئێستا گەڕەکەکانی باغی شایگان، پشت تەپ و ئیستقلال لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە گەمارۆ دراون و خەڵکیش بۆ پاراستنی خۆیان بەرانبەریان وەستاون و سەنگەریان گرتووە و بە گشتی شاری مەهاباد لە دۆخێکی نائاسایی دایە.

بە پێی ئاخر هەواڵێکە کە دووشەممە بە ئێمە گەیشتووە هێشتا بریندارەکان لە نەخۆش خانەن. خەڵکی شار لە دووپات بوونەوە ی ئەم چەشنە جینایەتانە زۆر تورەن ولاوانی تێکۆشەری مەهاباد بە هەمووشێوەیەك بە رەنگاری هێزەکانی رژیم دەبنەوە.

ئێمە ئەم جینایەت و کوشتارەی لاوانی مەهاباد مەحکووم دەکەین وخوازیاری بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی مەرگی کاك کەماڵ ئەسفرین و بریندار کردنی ئەم دووکەسەی ترین و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان بە بنەماڵەی کاك کەماڵ و خەڵکی کۆڵنەدەری مەهاباد رادەگەینین .

دەبیرخانەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠ی پووشپەڕی ١٣٨٤

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138**499
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**